# ئەگەر دەتەوێت ئارام بگریت؛ ئەوا دەچیتە بەهەشتەوە، وئەگەر دەتەوێت دۆعات بۆ دەکەم بۆئەوەی خوای گەورە شیفات بۆ بنێرێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کە بە عەتائی کوڕی ئەبو ڕەباحی ووت: «ئایا ئافرەتێکی بەهەشتیت نیشان بدەم؟». ئەویش ووتی: بەڵێ، ئیبن عەباسیش ووتی: «ئەو ئافرەتە پێست ڕەشە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: من تووشی فێ (پەرکەم) دەبم، ولاشەم دەردەکەوێت، داوا لە خوای گەورە بکە شیفام بدات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر دەتەوێت ئارام بگریت؛ ئەوا دەچیتە بەهەشتەوە، وئەگەر دەتەوێت دۆعات بۆ دەکەم بۆئەوەی خوای گەورە شیفات بۆ بنێرێت»، ئافرەتەکە ووتی: ئارام دەگرم، بەڵام لاشەم دەردەکەوێت لە کاتی توشبونم بەو نەخۆشییە؛ داوا لە خودا بکە بۆئەوەی لاشەم دەرنەکەوێت. ئیبن عەباس دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو دۆعایەی بۆ کرد.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- بە عەتائی کوڕی ئەبی ڕەباحی ووت: ئایا ئافرەتێکی بەهەشتیت پێ نیشان بدەم؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، ئیبن عەباس ووتی: ئەو ئافرەتە حەبەشیە پێست ڕەشە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: من نەخۆشیەکم هەیە وتووشی فێ (پەڕکەم) دەبم، وبەشێك لە لاشەم دەردەکەوێت کاتێك بێهۆش دەبم، داوا لە خوای گەورە بکە شیفام بدات، وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەگەر دەتەوێت ئارام بگریت؛ ئەوا دەچیتە بەهەشتەوە، وئەگەر دەتەوێت دۆعات بۆ دەکەم بۆئەوەی خوای گەورە شیفات بۆ بنێرێت، ئافرەتەکە ووتی: کەواتە ئارام دەگرم، پاشان ووتی: داوا لە خودا بکە بۆئەوەی لاشەم دەرنەکەوێت ئەگەر تووشی فێ هاتم. ئیبن عەباس دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو دۆعایەی بۆ کرد.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3160